
# دەستوپلی خاوێن ڕۆڵی گرنگ دەبینێت



زانیاری لەسەر خاوێنڕاگرتنی دەستوپل بۆ نەخۆشان و سەردەران

# دەستوپلی خاوێن ڕۆڵی گرنگ دەبینێت

لە بواری چاودێری نەخۆشیدا کارمەندانی چاودێری تەندروستی شلەمەنی پاکژکەرەوەی دەست بەکاردەهێنن پێش وە پاش پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو نەخۆشانەدا کە چارەسەردەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕوودەدات نەخۆشان یەکتری نەخۆشخەن بە هۆی گواستنەوەی بەکتریا و ڤایرۆسەوە.

ڕەنگە نەخۆشی لە نەخۆشانیشەوە بگوێزرێتەوە بۆ سەردەران. ئەگەر تۆ و سەردەرەکانت پێڕەوی ئەم ئامۆژگاریانەی خوارەوە بکەن یارمەتی کەمبوونەوەی مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەدەن لە بواری چاودێری تەندروستیدا.

## زوو زوو دەستەکانت بشۆ

**بەم شێوەیە بیکە:**


1. دەستەکانت بە ئاو وسابون پاک بشۆ پاش چوونە تەوالێت هەروەها پێش نان خواردن. هەمیشە دەسەسڕی کاغەز بەکاربهێنە بۆ سڕینەوەی دەست.

2. وا چاکە شلەمەنی پاکژکەرەوەی دەست بەکاربهێنیت کە لە تیاهەڵگری پەنا دەستشۆردا دادەنرێت. دوو پەمپ لێدە و دەستەکانت باش لەیەک بخە تاکوو ووشک دەبنەوە.

گەر دڵنیا نەبوویت داوای یارمەتی لە کارمەندانی چاودێری تەندروستی بکە!

## بیرکەرەوە لەوەی کە:

- تەنها ئەو تەوالێتانە بەکاربهێنە کە کارمەندانی چاودێری تەندروستی بۆیان دیاری کردوویت.
- نەچیتە ناو موبەقی بەشەکەوە یان خۆت شتومەک لە هەمبارەکەیان نەبەیت.
- ئەگەر سکچوون یان ڕشانەوەت بۆ هات کارمەندەکانی لێ ئاگاداربکە. ڕێ مەدە ئەو کەسانە سەردانت بکەن کە هەڵامەت یان نەخۆشیەکی تری هەوکردنیان هەیە.
- گەرخۆت نەخۆش بوویت سەردەرانی کەس مەکە لە نەخۆشخانە. پاش نەخۆشیەکانی ناوسک چاوەڕوانکە تا چاک دەبیتەوە لانی کەم دوو ڕۆژ.



VÄSTRA GÖTALANDSREGIONEN
SAHLGRENSKA UNIVERSITETSSJUKHUSET

**www.sahlgrenska.se**

**Faktainnehåll** Infektionshygien, Sahlgrenska Universitetssjukhuset, www.infektionshygien.se
**Produktion** Avdelningen för information och kommunikation, Sahlgrenska Universitetssjukhuset
**Illustration** Maria Nordberg **Print** Regiontryckeriet (Grafix)

2009-03-31